بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

اقْتَرَبَتِ السَّاعَةُ وَانشَقَّ الْقَمَرُ ﴿1﴾

ڕۆژی قیامەت نزیك بۆتەوەو مانگیش لەتبووە (هەندێ گێڕانەوە هەیە کە ئاماژە دەکات بۆ ئەوەی کە: خوانەناسان داوای (معجزة)یان لە پێغەمبەر کردبێت ئەویش پەنجەی موبارەکی ڕووەو مانگ بزواندو بە ویستی خوا لەت بوو) بەڵام هەندێك لە مفسرین دەڵێن: ئەم ڕووداوە لەسەرەتای بەرپا بوونی قیامەتدا ڕوودەدات.

وَإِن يَرَوْا آيَةً يُعْرِضُوا وَيَقُولُوا سِحْرٌ مُّسْتَمِرٌّ ﴿2﴾

جا ئەوانە هەر (معجزة)و بەڵگەیەك دەبینن دەڵێن: ئەمە جادوویەکی بەردەوامە (بەهیچ بەڵگەیەك بڕوا ناکەن).

وَكَذَّبُوا وَاتَّبَعُوا أَهْوَاءهُمْ وَكُلُّ أَمْرٍ مُّسْتَقِرٌّ ﴿3﴾

(حەقیقەت و ڕاستی) بەدرۆ دەخەنەوەو شوێنی ئارەزووەکانیان دەکەون، لە کاتێکدا کە هەموو شت تەواو دەبێت و، هەموو کارێك کۆتایی دێت و (دنیا تەواو دەبێت و بە بەرپابوونی قیامەت) لەنگەر دەگرێت.

وَلَقَدْ جَاءهُم مِّنَ الْأَنبَاء مَا فِيهِ مُزْدَجَرٌ ﴿4﴾

بێگومان ئەوەندە هەواڵی (تیاچوونی ستەمکارانیان) پێگەیشتووە کە پێی داچڵەکێن و (تێفکرن و لەچەوتی دەستهەڵگرن).

حِكْمَةٌ بَالِغَةٌ فَمَا تُغْنِ النُّذُرُ ﴿5﴾

ئەو بەسەرهاتانە حیکمەت و پەندو ئامۆژگاری زۆری تیایە، بەڵام بۆ ئەوانە بێدارکردنەوە بێسوودە.

فَتَوَلَّ عَنْهُمْ يَوْمَ يَدْعُ الدَّاعِ إِلَى شَيْءٍ نُّكُرٍ ﴿6﴾

گوێ مەدە (بە ناپوختی و ناڕێکی) ئەوانە ڕۆژێك دێت کە بانگکەرێك بانگ دەدات بۆ بارودۆخێکی زۆر ناخۆش و ناڵەبار.

خُشَّعًا أَبْصَارُهُمْ يَخْرُجُونَ مِنَ الْأَجْدَاثِ كَأَنَّهُمْ جَرَادٌ مُّنتَشِرٌ ﴿7﴾

(خوا نەناسان) چاویان شۆڕەو شەرمەزارن، لە ناخی زەویەوە دێنە دەرەوە، هەروەك لێشاوی کولەی زۆر (ڕووکاری زەوی دادەپۆشن).

مُّهْطِعِينَ إِلَى الدَّاعِ يَقُولُ الْكَافِرُونَ هَذَا يَوْمٌ عَسِرٌ ﴿8﴾

زۆر بە پەلەو نەشپرزەییەوە بەدەم بانگێشتی کۆکردنەوەیانەوە دەچن، کافرو خوانەناسان بەیەکتر دەڵێن: وا دیارە ئەمڕۆ ڕۆژێکی زۆر گران و سەختە.

كَذَّبَتْ قَبْلَهُمْ قَوْمُ نُوحٍ فَكَذَّبُوا عَبْدَنَا وَقَالُوا مَجْنُونٌ وَازْدُجِرَ ﴿9﴾

پێش ئەمانە قەومی (نوح) بەندەی بەڕێزی ئێمەیان بەدرۆخستەوەو وتیان: شێتەو زۆر پیاهەڵشاخان و دژایەتیان کرد.

فَدَعَا رَبَّهُ أَنِّي مَغْلُوبٌ فَانتَصِرْ ﴿10﴾

ئەویش دوای (950) ساڵ هاناو هاواری بۆ پەروەردگاری بردو وتی: (خوایە) ئیتر من شکستم خواردووەو سەرکەوتنم پێببەخشە.

فَفَتَحْنَا أَبْوَابَ السَّمَاءِ بِمَاءٍ مُّنْهَمِرٍ ﴿11﴾

ئەوسا ئیتر ئێمە دەروازەکانی ئاسمانمان هاوڕێ لەگەڵ ئاوێکی خوڕدا کردەوە.

وَفَجَّرْنَا الْأَرْضَ عُيُونًا فَالْتَقَى الْمَاء عَلَى أَمْرٍ قَدْ قُدِرَ ﴿12﴾

هەموو زەویشمان کرد بە کانیاوو ئاومان لێ هەڵقوڵاند، ئیتر ئاوی ئاسمان و زەوی بە تەقدیرو ویستی خوا بەیەکگەیشتن، کە پێشتر بڕیاری لەسەر درابوو.

وَحَمَلْنَاهُ عَلَى ذَاتِ أَلْوَاحٍ وَدُسُرٍ ﴿13﴾

(نوح)مان لەسەر چەند تەختە و بزمار (کەشتییەکی سادە) هەڵگرت.

تَجْرِي بِأَعْيُنِنَا جَزَاء لِّمَن كَانَ كُفِرَ ﴿14﴾

لەژێر چاودێری خۆماندا (لەناو ئەو زریانە بێ وێنەیەدا) دەهات و دەچوو، (بەو شێوەیە) تۆڵەمان سەند لەوانەی کە کافرو خوانەناس بوون.

وَلَقَد تَّرَكْنَاهَا آيَةً فَهَلْ مِن مُّدَّكِرٍ ﴿15﴾

ئێمە ئەم بەسەرهاتەمان هێشتەوە بۆ هەموو نەوەکان..ئایا کەسێك هەیە کە پەندو ئامۆژگاری لێ وەربگرێت؟!

فَكَيْفَ كَانَ عَذَابِي وَنُذُرِ ﴿16﴾

(سەرنج بدەن) چۆن بوو سزاو تۆڵەو خەشم و قینی من لەو یاخیبوانە؟

وَلَقَدْ يَسَّرْنَا الْقُرْآنَ لِلذِّكْرِ فَهَلْ مِن مُّدَّكِرٍ ﴿17﴾

بێگومان ئێمە قورئانمان ئاسان کردووە (بۆ خوێندنەوەو تێگەیشتن و یاداوەری وەرگرتن، ئایا کەسێ هەیە کە دەرکی حەقیقەت و ڕاستی بکات؟

كَذَّبَتْ عَادٌ فَكَيْفَ كَانَ عَذَابِي وَنُذُرِ ﴿18﴾

قەومی عادیش (هود، پێغەمبەریان) بەدرۆخستەوە، (بزانە) سزاو تۆڵەی ئێمە لەو یاخیبووانە چۆن بوو؟ (چیمان بەسەر هێنان)؟

إِنَّا أَرْسَلْنَا عَلَيْهِمْ رِيحًا صَرْصَرًا فِي يَوْمِ نَحْسٍ مُّسْتَمِرٍّ ﴿19﴾

ئێمە بایەکی بەرەوامی توندو سەخت و ساردمان هەڵکردە سەریان لە ڕۆژگارێکی شوومدا (یەك حەفتەی خایاند).

تَنزِعُ النَّاسَ كَأَنَّهُمْ أَعْجَازُ نَخْلٍ مُّنقَعِرٍ ﴿20﴾

خەڵکی هەمووی لە بخ دەرهێناو لە پێی خستن و دانی بە زەویدا، هەروەکو قەدی دارخورمای کلۆر.

فَكَيْفَ كَانَ عَذَابِي وَنُذُرِ ﴿21﴾

سەرنجی ئایەتی 16 بدە.

وَلَقَدْ يَسَّرْنَا الْقُرْآنَ لِلذِّكْرِ فَهَلْ مِن مُّدَّكِرٍ ﴿22﴾

سەرنجی ئایەتی 17 بدە.

كَذَّبَتْ ثَمُودُ بِالنُّذُرِ ﴿23﴾

(ثمود)، قەومی صالح پێغەمبەر هەموو بێدارکردنەوەو داچڵەکاندنێکیان بە درۆ خستەوەو بڕوایان پێی نەبوو.

فَقَالُوا أَبَشَرًا مِّنَّا وَاحِدًا نَّتَّبِعُهُ إِنَّا إِذًا لَّفِي ضَلَالٍ وَسُعُرٍ ﴿24﴾

وتیان: (باشە، ڕەوایە) ئێمە شوێنی تاکە کەسێك بکەوین و بەقسەی تاکە کەسێك بکەین؟!، ئێمە ئەگەر بڕوا بەکەسێکی وا بکەین ئەوە، نیشانەی ئەوەیە کە ئێمە گومڕاو سەرلێشێواوو شێتین؟!

أَؤُلْقِيَ الذِّكْرُ عَلَيْهِ مِن بَيْنِنَا بَلْ هُوَ كَذَّابٌ أَشِرٌ ﴿25﴾

ئایا ڕاستە لە نێوان ئەم (هەموو پیاو ماقوڵ و گەورانەدا) (وحی)و نیگا بۆ ئەو ڕەوانە کرابێت، بەڵکو ئەو (واتە صلح) کابرایەکی زۆر درۆزن و خۆپەرستە و حەز بە گەورەیی دەکات!!

سَيَعْلَمُونَ غَدًا مَّنِ الْكَذَّابُ الْأَشِرُ ﴿26﴾

سبەی دەزانن و بۆیان دەردەکەوێت کە کێ درۆزن و خۆپەرست و فیزدارە.

إِنَّا مُرْسِلُو النَّاقَةِ فِتْنَةً لَّهُمْ فَارْتَقِبْهُمْ وَاصْطَبِرْ ﴿27﴾

ئێمە ئەو وشترەی (کە پەلپیان لێ گرت، لەبەرد پەیدا ببێت) بۆیان بەدیدێنین، بەوەش تاقییان دەکەینەوە، تۆ چاودێریان بکە، (بزانە چی دەکەن)، خۆگرو ئارامگریش بە (لە بەرانبەر کاروکردەوەی ناشرینیانەوە).

وَنَبِّئْهُمْ أَنَّ الْمَاءَ قِسْمَةٌ بَيْنَهُمْ كُلُّ شِرْبٍ مُّحْتَضَرٌ ﴿28﴾

وە هەواڵیان بدەرێ: کە دەبێ ئاو بەش بکەن (ڕۆژێك بۆ ئەوان و ماڵاتەکەیان، ڕۆژێکیش بۆ وشترەکە) ئیتر لە ڕۆژی نۆبەی وشترەکەدا هەموو بەکارهێنانێکی ئاو قەدەغەیە.

فَنَادَوْا صَاحِبَهُمْ فَتَعَاطَى فَعَقَرَ ﴿29﴾

(قەومی نالەبار لە تاقیکردنەوەکەدا سەرنەکەوتن و خۆیان بۆ نەگیرا لەبەر ئەوە) بانگی زەلامێکی دڕیان کردو هانیاندا بۆ سەربڕینی، ئەویش بێباکانە پەلاماری شمشێریدا و سەری بڕی.

فَكَيْفَ كَانَ عَذَابِي وَنُذُرِ ﴿30﴾

سەرنجی ئایەتی 16 بدە.

إِنَّا أَرْسَلْنَا عَلَيْهِمْ صَيْحَةً وَاحِدَةً فَكَانُوا كَهَشِيمِ الْمُحْتَظِرِ ﴿31﴾

ئەوسا ئێمەش بە یەك دەنگی بەهێزی سامناك (دڵی هەموویانمان پچڕاند)و وەك گژوگیای وشك (كە كۆدەكرێتەوە و زۆر پەدەكەوێت) لەناومان بردن.

وَلَقَدْ يَسَّرْنَا الْقُرْآنَ لِلذِّكْرِ فَهَلْ مِن مُّدَّكِرٍ ﴿32﴾

سەرنجی ئایەتی 17 بدە.

كَذَّبَتْ قَوْمُ لُوطٍ بِالنُّذُرِ ﴿33﴾

قەومی (لوط)یش هەموو بێداركردنەوەو داچڵەكاندنێكیان بەدرۆخستەوە.

إِنَّا أَرْسَلْنَا عَلَيْهِمْ حَاصِبًا إِلَّا آلَ لُوطٍ نَّجَّيْنَاهُم بِسَحَرٍ ﴿34﴾

ئێمە ئەوانیشمان بەردباران كرد (جگە لەوەش كە زەوی ژووركران)، جگە لە (لوط)و خاوخێزانی ئیمانداری نەبێت كە لە بەرەبەیانێكی زوودا ڕزگارمان كردن.

نِّعْمَةً مِّنْ عِندِنَا كَذَلِكَ نَجْزِي مَن شَكَرَ ﴿35﴾

(ئەو رزگار كردنە) نازو نیعمەتێكی تایبەتی بوو لەلایەن ئێمەوە، ئێمە هەر ئاوا پاداشتی سوپاسگوزاران دەدەینەوە (لە تەنگانە ڕزگاریان دەكەین).

وَلَقَدْ أَنذَرَهُم بَطْشَتَنَا فَتَمَارَوْا بِالنُّذُرِ ﴿36﴾

خۆ (لوط) پێشتر ئاگاداری كردبوون (كە ئەگەر بەردەوام بن لەسەر بەدڕەوشتییان)، ئێمە تۆڵەی توندو بەهێزیان لێ دەسێنین..كەچی گومانیان هەبوو لەو ئاگاداریەو بروایان پێی نەبوو.

وَلَقَدْ رَاوَدُوهُ عَن ضَيْفِهِ فَطَمَسْنَا أَعْيُنَهُمْ فَذُوقُوا عَذَابِي وَنُذُرِ ﴿37﴾

(ئەو تاوانبارانە) چاویان بڕیبوە میوانەکانی و (ویان ویست
دەستدرێژییان بکەنە سەر)، ئێمەش چاومان کوێرکردن، بینایمان
لێسەندنەوە..دە چێژن (ئەی تاوانباران)سزاو تۆڵەی سەختی من.

وَلَقَدْ صَبَّحَهُم بُكْرَةً عَذَابٌ مُّسْتَقِرٌّ ﴿38﴾

بێگومان سەر لەبەیانیەکی زوو سزای توندو بەپێش چوارەوەری گرتن
و دایگرتن و ( ژرەوژووروو بەردباران کران).

فَذُوقُوا عَذَابِي وَنُذُرِ ﴿39﴾

دە بچێژن سزاو تۆڵەی من (ئەی بەدڕەوشت و ناپوختەکان).

وَلَقَدْ يَسَّرْنَا الْقُرْآنَ لِلذِّكْرِ فَهَلْ مِن مُّدَّكِرٍ ﴿40﴾

سەرنجی ئایەتی 17 بدە.

وَلَقَدْ جَاءَ آلَ فِرْعَوْنَ النُّذُرُ ﴿41﴾

بێگومان بۆ فیرعەون و دەست و پێوەندیشی بێدارکردنەوەمان ڕەوانە
کرد.

كَذَّبُوا بِآيَاتِنَا كُلِّهَا فَأَخَذْنَاهُمْ أَخْذَ عَزِيزٍ مُّقْتَدِرٍ ﴿42﴾

هەرهەموو (معجزة)و بەڵگەکانی ئێمەیان بە درۆ خستەوە، ئەوسا ئیتر
ڕاپێچیمان کردن و لەناومان بردن ئەویش بەدەستی قودرەتی (خوایەکی
باڵادەست و بەتوانا.

أَكُفَّارُكُمْ خَيْرٌ مِّنْ أُوْلَئِكُمْ أَمْ لَكُم بَرَاءةٌ فِي الزُّبُرِ ﴿43﴾

باشە..ئایا کافرەکانی (قوڕەیش) ئازاترو پیاوترن لە کافرە دێرینەکان،
یان پەیمانتان دراوەتێ لە نامە ئاسمانیەکاندا کە تووشی ئەو بەلایانە نابن
(کە باسکران).

أَمْ يَقُولُونَ نَحْنُ جَمِيعٌ مُّنتَصِرٌ ﴿44﴾

یان دەڵێن ئێمە هەر هەمووومان سەرکەوتووین، هەرگیز شکست ناهێنین.

سَيُهْزَمُ الْجَمْعُ وَيُوَلُّونَ الدُّبُرَ ﴿45﴾

(بەڵام خەیاڵیان خاوە) لەشکرو کۆمەڵیان شکست دێنێ و پشت هەڵدەکەن و هەڵدێن (لە غەزای بەدردا ئەو مژدە قورئانییە پێشهات).

بَلِ السَّاعَةُ مَوْعِدُهُمْ وَالسَّاعَةُ أَدْهَى وَأَمَرُّ ﴿46﴾

(جگە لەوەش) قیامەت کاتی لێپرسینەوەیانە، بێگومان ڕۆژێکی زۆر سەخت تر و تاڵترە.

إِنَّ الْمُجْرِمِينَ فِي ضَلَالٍ وَسُعُرٍ ﴿47﴾

بەڕاستی تاوانبارو تاوانکاران لە گومڕایی و شێتیەکی زۆردا ڕۆچوون.

يَوْمَ يُسْحَبُونَ فِي النَّارِ عَلَى وُجُوهِهِمْ ذُوقُوا مَسَّ سَقَرَ ﴿48﴾

ڕۆژێك دێت کە لەسەر ڕوویان ڕادەکێشرێن لەناو ئافری دۆزەخدا، پێیان دەوترێت: دە بچێژن گەرماو تاڵاوی دەۆزەخ.

إِنَّا كُلَّ شَيْءٍ خَلَقْنَاهُ بِقَدَرٍ ﴿49﴾

بێگومان ئێمە هەموو شتێکمان بە ئەندازەی دیاریکراو دروستکردووە بەدیمان هێناوە.

وَمَا أَمْرُنَا إِلَّا وَاحِدَةٌ كَلَمْحٍ بِالْبَصَرِ ﴿50﴾

فەرمانی ئێمە بۆ هەموو شتێك تەنها بۆ تروکاندنێکی پێدەچێت.

وَلَقَدْ أَهْلَكْنَا أَشْيَاعَكُمْ فَهَلْ مِن مُّدَّكِرٍ ﴿51﴾

ئێمە کەسانێکی وەك ئێوەی (خوانەناسمان) لەناو بردووە ئایا کەس هەیە دەرس و عیبرەت و پەندو ئامۆژگاری وەر بگرێت.

وَكُلُّ شَيْءٍ فَعَلُوهُ فِي الزُّبُرِ ﴿52﴾

هەرچی کارو کردەوەیەك کە ئەنجامیان داوە لە (لوح المحفوظ)و لەلای فریشتە چاودێرەکان تۆمار کراوە.

وَكُلُّ صَغِيرٍ وَكَبِيرٍ مُّسْتَطَرٌ ﴿53﴾

هەرچی وردو درشت هەیە، لە کاروکردەوەیان نوسراوەو تۆمار کراوە.

إِنَّ الْمُتَّقِينَ فِي جَنَّاتٍ وَنَهَرٍ ﴿54﴾

بێگومان پارێزکاران و خوناسان لەناو باخ و ڕووبارو تاڤگەکاندا ژیانی پڕ لە بەختیاری و کامەرانیی و کامەرانیی هەمیشەیی دەبەنە سەر.

فِي مَقْعَدِ صِدْقٍ عِندَ مَلِيكٍ مُّقْتَدِرٍ ﴿55﴾

لەخزمەت پادشای بەدەسە ت و (ئازیزان، کە بەردەوام کۆڕو کۆبوونەوەی خۆشیان بۆ ساز دەکات، تا تیایدا زیاترو زۆرتر شادمان و خۆشنوودببن).